کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# لێنین

# دەوڵەت و شۆڕش



وەرگێڕانی

**سالار ڕەشید**

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# لێنین

# دەوڵەت و شۆڕش

*تیۆری مارکسیستی دەربارەی دەوڵەت وئەرکەکانی*
*پرۆلیتاریا لە شۆڕشدا* (1)

وەرگێڕانی

**سالار ڕەشید**

# دەوڵەت و شۆڕش

نووسینی: ڤ. ئی. لێنین
وەرگێڕانی: سالار ڕەشید

تیراژ:
ژمارەی سپاردن:



## پێشەکیی چاپی یەکەم

مەسەلەی دەوڵەت لە ئێستادا، چ لە ڕووی تیۆرییەوە، چ لە ڕووی پراکتیکی_ سیاسییەوە، گرنگییەکی تایبەتی بە خۆیەوە گرتووە. جەنگی ئیمپریالیستی، گوڕ و تەووژمێکی لە ڕادەبەدەری بە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ لە سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵییەوە بۆ سەرمایەداری مۆنۆپۆڵی دەوڵەتی، بەخشی. چەوسانەوەی لە ئەندازەبەدەری خەڵکی زەحمەتکێش، کە لە لایەن دەوڵەتێکەوە بە ئەنجام ئەگات کە هەتا دێ زۆرتر لەگەڵ یەکێتییە کرێکارییە زۆر بەهێزەکانی سەرمایەداران ئاوێزان ئەبێت، دەم بە دەم ڕوو لە هەڵکشانە. وڵاتانی پێشکەوتوو بۆ کرێکاران، بە زیندانی سەربازی بۆ کاری سەخت دەگۆڕێن_ مەبەستمان "پشت"ی ئەم وڵاتانەیە.

هەڕەشە و بەڵای بێ وێنەی جەنگ، جەنگێک کە درێژەی کێشا، ئیدی بۆ خەڵکیی، هەموار ناکرێ و ئاگری تووڕەییان زیاتر ئەکات. شۆڕشی جیهانیی پرۆلیتێری بە ئاشکرا ڕوو لە هەڵکشانە و مەسەلەی هەڵوێستی ئەم شۆڕشە لە بەرامبەر دەوڵەت، گرنگییەکی عەمەلی لە خۆی ئەگرێت. توخمە ئۆپۆرتیۆنیستەکان، کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی دەیان ساڵەی تا ڕادەیەک ئاشتییانەوە کەڵەکەبوونە، ڕەوتی سۆسیال_ شۆڤێنیزمیان هێنایە کایەوە کە، لە نێو پارتە فەرمییە سۆسیالیستییەکانی تەواوی دنیا باڵادەستە. سیفەتی جیاکەرەوەی ئەم ڕەوتە (کە پێکهاتووە لە: پلێخانۆڤ، پۆتریسۆڤ، برێشکۆڤسکایا، ڕوبانۆڤیچ و پاشان لەژێر دەمامکێکی تەنکەوە، بەرێزان تزێرێتێلی، چێرنۆڤ و هاوڕێکانیان لە ڕوسیا، شایدێمان، لێژین، داڤید و هاوشێوەکانیان لە ئەڵمانیا، ڕێناودێل، گویسدێ، فاندێرفێلدێ لە فەرەنسا و بێلژیک، هایندمان و فابییەکان (2) لە ئینگلستان و هی تر و هی تر) کە، بە گوفتار سۆسیالیزم و بە کردار شۆڤێنیستە، بریتییە لە، خۆسازدانی زەبوونانە و نۆکەرانەی

"پێشەوایانی سۆسیالیزم" نەک تەنها لە تەک بەرژەوەندییەکانی بۆرژوازی نیشتمانی "خۆیی"، لە کاتێکدا لە مێژەوەیە، زۆربەی ئەوانەی کە بە دەوڵەتگەلی مەزن نێو دەبرێن، کۆمەڵێک میللەتی بچوک و لاواز دەچەوسێننەوە و کردوویانن بە کۆیلەی خۆیان. جەنگی ئیمپریالیستیش ئەبێ چی بێت جگە لە جەنگێک بۆ دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی ئەم جۆرە تالآنانە. تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاریی جەماوەری زەحمتکێش لەژێر کاریگەریی بۆرژوازی بە شێوەیەکی گشتی و بۆرژوازی ئیمپریالیستی بە شێوەیەکی تایبەتی، بە بێ تێکۆشان لە دژی خورافەی ئۆپۆرتیۆنیستی سەبارەت بە "دەوڵەت" مەحاڵە.

ئێمە سەرەتا فێرکارییەکانی مارکس و ئەنگڵس لە مەڕ دەوڵەت تاووتوێ ئەکەین و ئەو جێگایانەش کە فەرامۆش کراوون، یان ڕووبەڕووی شێوانی ئۆپۆرتیۆنیستانە بوونەتەوە بە تایبەت، بە تێر و تەسەلی دەچینە سەریان. پاشان بە شێوەیەکی تایبەت، ئەچینە سەر لێکۆڵینەوە لە سەر نوێنەری سەرەکی ئەم شێواندنانە، کارڵ کاوتسکی، کە ناودارترین پێشەوای ئینتەرناسیۆناڵی دووەم (ساڵەکانی 1889_1914) بووە و لە میانەی ئەم جەنگەی ئێستادا، دووچاری شکستێکی لە ئەندازەبەدەر ئابڕوچووانە بوو. لە کۆتایشدا، دەرئەنجامە سەرەکییەکانی تاقیکردنەوەکانی هەردووک شۆڕشی ڕوسی، شۆڕشی ساڵی 1905 و بە تایبەتیش شۆڕشی ساڵی 1917، پوخت ئەکەینەوە. ئەم شۆڕشەی دوایی وەک دەرئەکەوێ، یەکەمین قۆناغی پەرەسەندنی خۆی لە ئێستادا (سەرەتای مانگی ئابی ساڵی 1917) تەواو ئەکات، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی، ناکرێت لە تەواوی ئەم شۆڕشە حاڵی بین، ئەگەر بێتو بە ئەڵقەیەک لە ئەڵقەکانی زنجیرەی شۆڕشە سۆسیالیستییە پرۆلیتێرییەکان نەژمێردرێ، کە جەنگی ئیمپریالیستی هۆکاریانە. بەو شێوەیە، مەسەلەی هەڵوێستی شۆڕشی سۆسیالیستیی پرۆلیتاری



سەبارەت بە دەوڵەت، بە تەنها گرنگیی عەمەلی_ سیاسی لە خۆ ناگرێت، بەڵکوو گرنگییەکی بە تەواوی هەنووکەیی هەیە، چونکە ئەمە مەسەلەیەکە، ئەوە بۆ جەماوەر ڕۆشن ئەکاتەوە کە، لە ئاییندەیەکی نزیکدا، بۆ ڕزگاربوونی خۆیان لە کۆت و بەندی سەرمایە، دەبێ دەست بدەنە چ کارێک.

نووسەر

ئابی ساڵی 1917

# پێشەکیی چاپی دووەم

ئەم چاپەی بەردەست کە چاپی دووەمە، ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە، هەر ئەوەندە نەبێت کە، لە بەشی دووەمیدا، بڕگەی سێیەمی بۆ خراوەتە سەر.

**نووسەر**

مۆسکۆ
17ی دێسامبەریساڵی 1918.



# بەشی یەکەم

## کۆمەڵگای چینایەتی و دەوڵەت

### 1. دەوڵەت بەرهەمی ئاشتیهەڵنەگری ناکۆکییە چینایەتییەکانە

ئەوەی لە ئێستادا بەسەر فێرکارییەکانی مارکسدا هاتووە، هەمان ئەو شتەیە کە گەلێک جار لە مێژوودا، بەسەر فێرکارییەکانی بیرمەندانی شۆڕشگێڕ و ڕابەرانی چینە ستەمکێشەکاندا، لە میانەی تێکۆشانیان بۆ ڕزگاری، هاتووە. شۆڕشگێڕانی مەزن هەتا لە ژیاندان، هەمیشە لە لایەن چینە ستەمگەرەکانەوە ڕاو ئەنرێن و فێرکارییەکانیان بە تووڕەییەکی یەکجار وەحشیانە و کینەیەکی یەکجار شێتانە و لافاوی درۆ و تۆمەتی یەکجار بێ ئابڕووانە ڕووبەڕوو ئەبنەوە. لە پاش مەرگی ئەوانە، هەوڵ ئەدرێت تاوەکوو بتگەلێکی بێ زیانیان لێ ساز بکەن و پیرۆز ڕایان بگرن، ناوبانگێکی دیاریکراو بە ناوەکانیان ئەبەخشن، بە مەبەستی "سەبووری"دان بە چینە چەوساوەکان و گێلکردنیان، لە هەمان کاتدا، بۆ سواندنی (ابتذال) ئەم فێرکارییە شۆڕشگێڕانەیە بەوەی لە ناوەڕۆکی بخەن، بڕندەیی (تیژی/ وەرگێڕی کوردی) شۆڕشگێڕانەی نەهێڵن. بۆ "لقوپۆکردن"ێکی لەو جۆرەی مارکسیزم، بۆرژوازی و ئۆپۆرتیۆنیستەکانی نێو بزاڤی کرێکاری لەمڕۆدا، یەکدەگرنەوە. لایەنە شۆڕشگێڕانەییەکەی ئەم فێرکارییانە و گیانە شۆڕشگێڕانەییەکەی فەرامۆش ئەکەن، مەحفی ئەکەنەوە و دەی شێوێنن. بەو چتگەلەی کە بۆ بۆرژوازی پەسەندە، یان وا دێتە بەر چاو کە پەسەند بێت، بایەخی پلە یەکیان پێ ئەدات و زۆریان هەڵئەنێت.

گاڵتە نییە، سەرجەم سۆسیال_ شۆڤێنیستەکانی ئەمڕۆ "مارکسیستن"! زانایانی بۆرژوازی ئەڵمانیا، ئەوانەی کە هەتا دوێکە لە ڕیشەکێشکردنی مارکسیزمدا پسپۆڕ بوون، هەتا بێت زیاتر لە مەڕ مارکسی "ئەڵمانی و میللی" دەبێژن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە گوایە مارکس پەروەردەکاری یەکێتییە کرێکارییەکانە بووە، کە بۆ جەنگی داگیرکەران، باڵاترین تەرزی ڕێکخستنیان بە خۆوە گرتووە!

لە بەرامبەر هەلومەرجێکی بەو شێوەیە و شێواندنێکی بەربڵاوی وەهای مارکسیزم کە پێشتر بەرچاو ناکەوێ، ئەرکی ئێمە لە پێش هەر شتێکی تر، زیندووکردنەوەی فێرکارییە ڕاستەقینەکانی مارکس دەربارەی دەوڵەتە. بۆ ئەم مەبەستە، پێویست بە هێنانەوەی کۆمەڵێک برگەی درێژ لە دانراوەکانی خودی مارکس و ئەنگڵس ئەکات. هەڵبەتە هێنانەوەی برگەی درێژ درێژ باسەکە قورس ئەکات و گومانیشی تێدا نییە کە لە سادەکردنەوەیدا کاریگەرییەکی نابێت. بەڵام خۆ لادان لەم کارە، بە هیچ جۆرێک ئیمکانی نییە. بێگومان ئەبێ تەواوی ئەو خاڵانەی کە مارکس و ئەنگڵس لە بارەی دەوڵەتەوە نووسیویانە، یان بە لای کەمەوە خاڵە یەکلاکەرەوەکانیان، بە شێوەیەکی هەرچی کاملتر لێرەدا باس بکرێن، تاوەکوو خوێنەر بتوانێت خۆی بۆ خۆی، بیرۆکەیەکی سەربەخۆ دەربارەی پوختەی تیۆرییەکانی بنیاتنەرانی سۆسیالیزمی زانستی و پەرەسەندنی ئەم تیۆرییانە بەدەست بهێنێ، هەروەها بۆ ئەوەی بەهۆی ئەو بەڵگەنامانەوە، ئەو شێواندنانەی کە "کاوتسکیزم" بەسەر ئەم تیۆرییانەدا هێناویەتی، بسەڵمێنین و ئاشکرای بکەین.

بە بڵاوترین دانراوی فریدریک ئەنگڵس واتە "بنەچەی خێزان، خاوەندارێتی تایبەتی و دەوڵەت"، کە شەشەمین چاپی لە ساڵی 1894 لە شاری شتوتگارت پەخش کراوە، دەست پێ ئەکەین (3). بە ناچاری ئەبێ ئەو برگانەی کە ئەیانهێنینەوە، لە دەقە ئەڵمانییەکەوە وەریان



بگێڕین، چونکە وەرگێڕانە ڕووسییەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆرن، بەڵام بە زۆری یان کەموکوڕییان تێدایە، یان ڕەزامەندبەخش نین.

ئەنگڵس لە پوختەی دەرئەنجامی شیکردنەوە مێژووییەکەیدا ئەڵێت:

"دەوڵەت بە هیچ کلۆجێک، هێزێک نییە کە لە دەرەوە بەسەر کۆمەڵگادا سەپێنرابێت. هەروەها دەوڵەت بەپێچەوانەی ئەوەی کە هیگڵ بانگەشەی بۆ دەکرد (واقیعی بیرۆکەی ڕەووشت) و (وێنە و واقیعی ژیری) نییە. دەوڵەت بەرهەمی کۆمەڵگایە لە پلەیەکی دیاریکراوی پەرەسەندنیدا، لە ئارادابوونی دەوڵەت نیشانەی ئەو واقیعەتەیە کە ئەم کۆمەڵگایە توشی ناکۆکیگەلێکی چارەهەڵنەگر بووە لەگەڵ خۆیدا و بۆ هێزگەلی ناکۆک لەگەڵ یەکدی وا دابەش بووە، کە ڕزگاربوون لێیان لە توانایدا نییە. هەروەها بۆئەوەی ئەم هێزە ناکۆکانە، واتە ئەو چینانەی بەرژەوەندیی ئابوری دژبەیەکیان هەنە، لە میانەی تێکۆشانێکی نەزۆکدا خۆیان و خودی کۆمەڵگاش قووت نەدەن، پێویستە هێزێک هەبێت کە بە ڕواڵەت لە سەرەوەی کۆمەڵگادا قەراری گرتبێت، هێزێک کە تینی بەریەککەوتنەکان خاو کاتەوە و لە چوارچێوەی "نیزام"ێکی دیاریکراودا دایان بنێت. ئاوەها هێزێک کە لە هەناوی کۆمەڵگاوە سەردەردێنێ، بەڵام خۆی لە ژوور کۆمەڵگاوە دائەنێ و هەتا بێت زیاتر لێی دائەبڕێت_ دەوڵەتە". (ل177_ 178 چاپی شەشەمی ئەڵمانی).

لەم پەرەگرافەدا، بیرۆکەی بنەڕەتیی مارکسیزم لە مەڕ، ڕۆڵی مێژوویی دەوڵەت و بایەخی، بە ڕۆشنییەکی تەواوەوە خراونەتە ڕوو. دەوڵەت بەرهەم و سیمای ناکۆکییە چینایەتییە ئاشتی هەڵنەگرەکانە. دەوڵەت لەو جێگایە، لەو کاتە و بەو ڕادەیە دێتەکایەوە کە نەشێت ئیدی ناکۆکییە چینایەتییەکان بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤ لەگەڵ یەکدی بحەوێنەوە. بە پێچەوانەوە، لە ئارادابوونی دەوڵەت ئەوە دەسەلمێنێت کە، ناکۆکییە چینایەتییەکان ئاشتی هەڵنەگرن.

ڕێک لەم خاڵە بنەڕەتییە زۆر گرنگەوە، شێوێنکاری لە مارکسیزمدا دەست پێ ئەکات و دوو ڕەوتی سەرەکی بە دووی خۆیدا ئەهێنێ.

لە لایەکەوە، ئایدیۆلۆژیستە بۆرژوازییەکان و بە تایبەت ئایدیۆلۆژیستە وردە بۆرژواکان کە، لەژێر گوشاری ڕووداوە مێژووییە سەلمێنەرەکان، ناچارن دان بەوەدا بنێن کە، دەوڵەت تەنها لەو شوێنەدا هەیە کە ناکۆکی و خەباتی چینایەتی تێدا هەبێت، گوتەی مارکس بە جۆرێک "چاکسازەکەن"، سەرئەنجام وا دەرئەکەوێ کە دەوڵەت ئۆرگانێکە بۆ سازاندنی چینەکان. بە دیتنی مارکس، ئەگەر بشێت چینەکان لەگەڵ یەکدی بسازێنرێن، ئەوا ناشێت دەوڵەت ، نە پەیدابێت، نە پایەدار بێت. لێ بە دیتنی پرۆفیسۆر و نووسەرانی سیاسی وردەبۆرژوازی هیچوپوچ و بیرتەسک_ کە چەپ و ڕاست بە نەوازشتەوە پشت بە مارکس دەبەستن!_ ئەو دەوڵەتەیە کە ئاشتی نێوان چینەکان پێک ئەهێنێ. بە بۆچوونی مارکس، دەوڵەت ئۆرگانی باڵادەستی چینایەتییە، ئۆرگانی چەوسانەوەی چینێکە بەسەر چینێکی ترەوە، بەدیهێنانی "نیزامێک"ە، کە بەریەککەوتنە چینایەتییەکان خاو دەکاتەوە، ئەم چەوسانەوەیە بە یاسا ئەسرێتەوە و جێگیری ئەکات. بە بۆچوونی سیاسەتمەدارانی وردەبۆرژوازی، نیزام بە تەواوی ماناکەی یانی، ئاشتی نێوان چینەکان، نەک چەوسانەوەی چینێک لە لایەن چینێکی دیکەوە؛ خاوکردنەوەی بەریەککەوتنەکان یانی، ئاشتی (گونجاندن، سازش/ وەرگێڕی کوردی)، نەک بێبەشکردنی چینە چەوساوەکان لە هەندێک لە هۆ و ڕێگاکانی تێکۆشان، بۆ ڕوخاندنی چەوسێنەران.

بۆ نموونە، لە شۆڕشی ساڵی 1917دا، کاتێک کە پرسی، بایەخ و ڕۆڵی دەوڵەت بە تەواویی ترسناکییەکی* خۆیەوە تەرح کرا و کاتێک بە کردەوە ئەم مەسەلەیە، بەوپێیەی کارێکی دەستوبردە و ئاستێکی

* بە تەواوی گەورەیی "مەزنیی" خۆیەوە. (بەپێی دەقە فارسییەکە). (و. کوردی).



جەماوەریی لە خۆ گرتووە، تەرح کرا، سۆسیال_ شۆڕشگێڕەکان (4) و مۆنشەویکەکان (5) هەر هەموو بە یەک کەڕەت و بێ دوودڵی، نوقمی ئەو تیۆرییە وردەبۆرژوازییە بوون کە دەڵێت، "دەوڵەت" "سازشکەری" نێوان چینەکانە. بڕیارنامە و وتارە بێشومارەکانی سیاسەتمەدارانی ئەم دوو حیزبە، سەرتاپا پڕە لەم تیۆرە پوچە وردەبۆرژوازییە، تیۆری "سازش". دیموکراسی وردەبۆرژوازی هەرگیز ناتوانێت لەوە بگات کە، دەوڵەت ئۆرگانی باڵادەستی چینێکی دیاریکراوە، کە ناتوانێت لەگەڵ جەمسەری بەرامبەری خۆی (چینی دژ بە خۆی) ئاشتی قبوڵ بکات. هەڵوێستێک کە سۆسیال_ شۆڕشگێڕەکان و مۆنشەویکەکانی لای ئێمە لە ئاست مەسەلەی دەوڵەتدا وەریان گرتووە، یەکێکە لە زەقترین ئەو خاڵانەی نیشانی ئەدات کە جۆن ئەوانە بە هیچ جۆرێک سۆسیالیست نەبوونە (شێک کە ئێمە، بۆلشەویکەکان، هەمیشە سەلماندوومانە)، بەڵکە دیموکراسگەلێکی وردەبۆرژوازین، کە سەرگەرمی دەستەواژەی نیمچە سۆسیالیستین.

لە لایەکی دیکەوە، شێواندنی "کاوتسکیستی"یە بۆ مارکسیزم، کە زۆر ماقوڵترە. لە باری "تیۆری"یەوە، کاوتسکی نکۆڵی لەو ڕاستییە ناکات کە، دەوڵەت ئۆرگانی فەرمانڕەوایی چینایەتییە و ناکۆکییە چینایەتییەکان ئاشتیهەڵنەگرن. بەڵام یەک مەسەلە لە بەرچاو نەگیراوە یان سێبەری بۆ کراوە ئەویش: ئەگەر دەوڵەت بەرهەمی ئاشتیهەڵنەگری ناکۆکییە چینایەتییەکانە، ئەگەر دەوڵەت هێزێکی بانسەری کۆمەڵە و "هەتا دێت زیاتر بە کۆمەڵگا نامۆ ئەبێت"*، ئیتر ئەوە ئاشکرایە کە، ڕزگاری چینی چەوساوە، نەک هەر بە بێ شۆڕشێکی بە زەبروزەنگ ئیمکانی نییە، بەڵکوو بە بێ لەناوبردنی ئەو دەزگای دەسەڵاتی دەوڵەتییەش کە چینی فەرمانڕەوا دای مەزراندووە و ئەو "نامۆبوون" بە کۆمەڵگایەی تێدا

* هەتا دێت زیاتر لە کۆمەڵگا دوور ئەکەوێتەوە. (و. کوردی).

بەرجەستە بۆتەوە، مەحاڵە. ئەم ئەنجامگیرییە کە لە باری تیۆرییەوە بەڵگەنەویستە، مارکس زۆر بە وردی، لەسەر بنچینەی شرۆڤەکردنی دیاریکراوی مێژوویی بۆ ئەرکەکانی شۆڕش، پێی گەییشتووە. هەمان ئەم ئەنجامگیرییەیە کە_ لە باسەکانی دواترماندا، بە شێوەیەکی فروانتر پیشانی ئەدەین_ کاوتسکی... "فەرامۆش"ی کردوە و شێواندوویەتی.

## 2. دەستە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار، زیندان و هتد...

ئەنگڵس درێژەی پێ ئەدات و ئەڵێت: "... خاڵی جیاکەرەوەی دەوڵەت بە بەراورد لەگەڵ ڕێکخستنی "ڕەگەزی"ی (6) (خێڵەکی یان clan) کۆن، بریتیین لە، یەکەم: دەستەبەندیکردنی دەستوپێوەندەکانی دەوڵەت بەپێی دابەشکردنی زەویوزار... ".
ئەم دەستەبەندیکردنە "سروشتی" دیتە پێش چاومان، بەڵان خەباتێکی درێژخایەنی لە دژی ڕێکخستنی کلان یان خێڵەکی گەرەکە.
"... دووەمین خاڵی جیاکەرەوە بیتییە لە، دامەزراندنی دەسەڵاتی گشتی کە، لەگەڵ ئەو دانیشتوانەی بۆ خۆیان لە هێزێکی چەکداردا خۆیان ڕێکخراو کردووە، ڕاستەوخۆ جووت نایەتەوە. ئەم دەسەڵاتە گشتییە تایبەتییەش پێویستە، چونکە ڕێکخراوی چەکداری خودکاری دانیشتوان، لەو دەمەوەی کە کۆمەڵگا بۆ چینەکان دابەش بووە، بۆتە کارێکی مەحاڵ...
ئەم دەسەڵاتە گشتییە لە گشت وڵاتێکدا هەیە و تەنها لە پیاوانی چەکدار پێکنەهاتووە، بەڵکوو پاشکۆی تری وەکوو زیندان و دامودەزگا داپڵۆسێنەرەکانیشی لەگەڵدایە کە، کۆمەڵگای ڕێکخراو لەسەر بنەمای خێڵەکی (کلان) لێ بێئاگا بوو... "



ئەنگڵس چەمکی "هێز" کە ناوی لێ نراوە دەوڵەت ڕاڤە ئەکات. ئەو هێزەی کە لە دەروونی کۆمەڵەوە سەری دەرهێناوە، بەڵان لە بان سەری کۆمەڵەوە قەرار ئەگرێ و هەتا دێت نێوانیان فراوانتر ئەبێت. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم هێزە لە چی پێکهاتووە؟ پێکهاتووە لە دەستە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار، کە زیندان و شتی تریش لە ژێر فەرمانی دایە.
مافی ئەوەمان هەیە باسی دەستەی تایبەتی پیاوانی چەکدار بکەین، چونکە دەسەڵاتی گشتی، کە تایبەتمەندی هەر دەوڵەتێکە، لەگەڵ دانیشتوانی چەکدار و "ڕێکخراوی چەکداری خودکار"ی ئەوان "ڕاستەوخۆ جووت نایەتەوە".
ئەنگڵس، مانەندی گشت بیرمەندانی مەزنی شۆڕشگێڕ، هەوڵ ئەدات کە سەرنجی کرێکارانی هوشیار ڕێک بۆ خاڵێک ڕابکێشێ کە لە ڕوانگەی تێگەییشتنی باوی وردەبۆرژوازییەوە لە هەموان کەمتر شایانی تێبینی بووە و لە هەموو چتێک زیاتر ئاسایی دێتە پێش چاوان و بە خورافە، نەک بە تەنها بنجگیر کراوە، بەڵکوو ئەکرێ بڵێین کراوە بە بەرد و بەرگی پیرۆزی لەبەر کراوە. سوپای هەمیشەیی و پۆلیس دوو ئامرازی سەرەکی زۆرنواندنن بە دەستی دەسەڵاتدارانەوە. بەڵام ئایا ئەم مەسەلەیە، بە شێوەیەکی دیش ئەشێ بشێت؟
ئەم مەسەلەیە لە دیدی زۆربەی هەرە زۆری ئەوروپاییەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کە قسەکانی ئەنگڵس ڕووی لەوان بوو، کە تەنانەت هیچ شۆڕشێکی گەورەیان نەگوزەراندووە و لە نزیکەوە نەبینیوە، بە شێوەیەکی دی ناشێت بشێت. ئەوان بە هیچ جۆرێک لە "ڕێکخراوی چەکداری خودکاری دانیشتووان" حاڵی نابن. لە بەرامبەر ئەو پرسیارەدا کە، بۆچی دەستە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار (پۆلیس و سوپای هەمیشەیی) کە لە بان سەری کۆمەڵگاوە قەراریان گرتووە و پێی نامۆ ئەبێت، زەروورەت پەیدا ئەکات، ئەوا تەسکبیرانی ئەورووپای

ڕۆژئاوا و ڕوسیا، ئارەزووی بە قەرزهێنانەوەی چەند دەستەواژەیەکی سپنسەر یان میخایلۆفسکین، بە ئاماژەکردن بە ئاڵۆزبوونی ژیانی کۆمەڵایەتی، جیابوونەوەی کارەکان و شتی تری لەم چەشنە، وەڵام ئەدەنەوە.

ئەم لێوەرگرتنە، "زانستییانە" خۆی دەنوێنێ و بە باشی کەسێکی نەزان[*] دەخاتە خەو، چونکە مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتی، واتە، دابەشبوونی کۆمەڵگا بۆ چینە دژ بە یەکە ئاشتیهەڵنەگرەکان، دەسڕێتەوە.

ئەگەر ئەم دابەشبوونە نەبوایە، ئەوا " ڕێکخراوی چەکداری خودکاری دانیشتوان"، تەنها لە ئاڵۆزی و باڵایی چەک و تەقەمەنییەکەیی و شتی دی، لەگەڵ ڕێکخراوی سەرەتایی گەلە مەیمونی چەکدار بە گۆپاڵ یان ڕێکخراوی مرۆگەلی سەرەتایی یان مرۆگەلی ڕێکخراوی نێو کۆمەڵگا خێڵەکییەکان، جیا دەکرایەوە، بەڵام لە ئارادابوونی ڕێکخراوێکی لەو تەرزە لە توانادایە.

لەم ڕوانگەیەوە، لەئارادابوونی ڕێکخراوێکی لەو تەرزە ئەستەمە، جونکە کۆمەڵگای شارستانی بۆ چینە دژمنەکان، دژمنایەتییەکی ئاشتیهەڵنەگر، دابەش بووە، کە چەکداربوونی "خۆبەخۆ"ی ئەوان، بە نەبەردی چەکدارییان دەگەیەنێ. دەوڵەت دائەمەزرێت، هێزی تایبەتی و دەستە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار پێکئەهێنێ و هەر شۆڕشێک، بە تێکوپێکدانی دەزگای دەوڵەت، بە چاوی خۆمان پیشانمان ئەدات کە بە چ شێوەیەک چینی فەرمانڕەوا، بۆ سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی دەستە تایبەتییەکانی پیاوانی چەکدار کە لە خزمەتی خۆی دان، تێئەکۆشێت و بە چ شێوەیەک چینی چەوساوە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی تازەی لەم چەشنە، کە بتوانێت خزمەت بە چەساوەکان بکات نەک چەوسێنەران، تێئەکۆشێت.

---

[*] خاوەن بیرکردنەوەیەکی وردەبۆرژوازی. (بەپێی دەقە عەرەبییەکە). (و. کوردی).



ئەنگڵس لە برگەی ناوبراودا، هەمان ئەو پرسە، لە باری تیۆرییەوە تەرح ئەکات، کە تەواوی شۆڕشە گەورەکان لە باری کردارەکییەوە، بە ڕۆشنی و لە چوارچێوەی کاری جەماوەریدا، لە بەردەم ئێمە تەرحی ئەکەن، واتە پەیوەندی نێوان دەستەگەلی "تایبەتی"ی پیاوانی چەکدار و "ڕێکخراوی چەکداری خودکاری دانیشتوان". ئێمە ئەبینین، تاقیکردنەوەکانی شۆڕشەکانی ئەوروپا و ڕوسیا بە چ جۆرێک ئەم پرسە بە دیاریکراوی، ڕۆشن ئەکەنەوە.

بەڵام با بۆ باسەکەی ئەنگڵس بگەڕێینەوە.

ئەنگڵس ئاماژە بەو خاڵە ئەکات کە چۆن جاروبار ئەم دەسەڵاتە فەرمانڕەوا گشتییە لاوازە، هەروەکوو لە هەندێک ناوچەی ئەمریکای باکووردا (قسەوباسەکان لە دەوری هەندێک حاڵەتی دەگمەنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، هەروەها لە دەوری ناوچەگەلێکن لە ئەمریکای باکور، لە دەورانی پێش ئیمپریالیزمدا، کە کۆڵۆنییە ئازادەکان باڵیان بەسەردا کێشاوون).

بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، ئەم دەسەڵاتە، لە حاڵی بەهێزبووندایە:

"... بەو ڕادەیەی ناکۆکییە چینایەتییەکانی دەروونی وڵاتێک توندتر بێتەوە و دەوڵەتەکانی هاوسنوور فراوانتر و سەرژمێرییەکانیان زیاتر بن، بەو ڕادەیەش دەسەڵاتی گشتی بەهێزتر دەبێت. لانی کەم بڕواننە ئەوروپای ئەمڕۆ، کە چۆن تێکۆشانی چینایەتی و کێبەرکێ لەسەر داگیرکاری (فتوحات/ و. کوردی)، دەسەڵاتی گشتی گەیاندۆتە ئاستێک کە، هەڕەشە لە لوشدانی گشت کۆمەڵگا بە دەوڵەتیشەوە بکات... ".

ئەوە لە مێژوویەکدا نووسراوەتەوە، کە سەرەتای ساڵانی نەوەتی چەرخی ڕابردوو تێپەڕ ناکات. مێژووی دوا پێشەکی ئەنگلس، 16ی حوزەیران (یۆنیۆ)ی ساڵی 1891ە. لەو دەمەدا، وەرچەرخان ڕووەو ئیمپریالیزم_ بە مانای باڵادەستی یەکجارەکی ترۆستەکان و بە مانای توانایی بێسنووری گەورەترین بانکەکان و بە مانای فروانی

چوارچێوەی سیاسەتی کۆلۆنیالی و ...هتد._ ئێستا لە فەرەنسا تازە وا دەست پێ دەکات و لە ئەمریکای باکور و ئەڵمانیا لەویش خاوترە. لەو کاتەوە ئیدی " رکەبەرایەتی بۆ داگیرکاری" هەنگاوی مەزنی بۆ پێشەوە ناوە، بە تایبەتی لە سەرەتای دەیەی دووەمی چەرخی بیستەم، گۆی زەوی لە نێوانی "ڕکەبەرکێکەرانی داگیرکەر"، واتە گەورە وڵاتانی تاڵانکەر، بە شێوەیەکی یەکجاری دابەش کرا. لەو دەمەوە ئیدی خۆپڕچەککردنی سەربازی و دەریایی، بێ ئەندازە پەرەی سەند و جەنگی تاڵانکاری ساڵانی 1914_ 1917، کە بۆ ئەوە هەڵگیرسا، ئینگلتەرا یان ئەڵمانیا دەست بەسەر جیهاندا بگرێ و تاڵانییەکان بەش بکرێن، خەریک بوو سەرجەم هێزەکانی کۆمەڵگا بەهۆی دەسەڵاتی دڕندەی دەوڵەتییەوە "لووش" بکات و بە کارەساتی تەواوەتی بگەیەنێ.
ئەنگڵس توانی لە ساڵی 1891ەوە ئەوە ڕۆشن بکاتەوە کە، "کێبەرکێ بۆ داگیرکاری"، سیمایەک لە سیما گرنگە جیاکەرەوەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە گەورەکانە، بەڵام بێ ئابڕووانی سۆسیال_ شۆڤێنیست لە ساڵانی 1914_ 1917، بەتایبەت لەو دەمەیدا کە ئەم ڕکەبەرایەتییە، چەند بەرابەر تیژتر بۆوە، جەنگی ئیمپریالیستی لێ کەوتەوە، بە دەستەواژەی "بەرگریکردن لە نیشتمان" و "بەرگریکردن لە کۆماریی و لە شۆڕش" و شتگەلی لەم بابەتە، بەرژەوەندیی تاڵانکارانەی بۆرژوازی "خۆیی"یان پەردەپۆش ئەکرد!

## 3_ دەوڵەت_ دەزگایەکە بۆ وەبەرهێنانی چینی چەوساوە

بۆ فەراهەمکردنی خەرجی تایبەتیی دەسەڵاتی گشتی کە لە بان سەری کۆمەڵگادا قەراری گرتووە، باج و قەرزی دەوڵەتی پێویستە.



ئەنگڵس دەنووسێت: ""... فەرمانبەرانی دەوڵەتی کە لە دەسەڵاتی گشتی بەهرەمەندن و مافی باجگیرییان بۆ هەیە، لە ژوور سەری کۆمەڵگاوە، بە ناونیشانی پایە (هیئة، مقام/ و. ک)کانی کۆمەڵگا، قەرار ئەگرن. ئەو ڕێزە ئازاد و ئارەزوومەندانەیەی کە پایەکانی کۆمەڵی خێڵەکی (کلان) لێی بەهرەمەند بوون، ئیتر بۆ ئەمان_ تەنانەت ئەگەر لە تواناشیاندا بوو بەدەستی بهێنن_ بەس نییە ... ". یاسای تایبەتی دەربارەی پیرۆزی و پارێزراوی (حصانة) فەرمانبەران دائەنرێ. "خوێڕیترین پۆلیس" "ئۆتۆریتە"ی لە نوێنەری هەر خێڵێک زیاترە، بەڵام خودی سەرۆکی دەسەڵاتی سەربازی لە دەوڵەتێکی هاوچەرخدا، ئاوات بەو "حورمەتە"ی، کە سەرەک خێڵێک لە کۆمەڵگادا "نەک بە تۆپزی" بە دەستی هێناوە، دەخوازێت.
لێرەدا مەسەلەی جێگەوڕێگەی تایبەتمەندی کارفەرمایانی دەوڵەتی کە دەستەگەلی دەسەڵاتی دەوڵەتین، تەرح کراوە. مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە بزانین: چ شتێک ئەم کارفەرمایانەی لە بان سەری کۆمەڵ ڕاگرتووە؟ ئێمە دەبینین، کە کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی 1871دا، بە چ شێوەیەک ئەم مەسەلە تیۆرییەی بە پراکتیک چارەسەر کرد و چۆن کاوتسکی لە ساڵی 1912دا، کۆنەپەرستانە پەردەپۆشی ئەکرد.
" ... بەو پێیەیەی کە، دەوڵەت بۆ لغاوکردنی دژایەتییە چینایەتییەکان هاتووەتە کایەوە، هەروەها بەوپێیەی کە لە هەمان کاتدا، لە نێو پێکدادانی ئەم چینانەوە سەری هەڵداوە، بۆیە هەروەکوو ڕێسایەکی هەمەگیر، ئەم دەوڵەتە_ دەوڵەتی بەهێزترین چینی باڵادەستی ئابوورییە، کە بەهۆی دەوڵەتەوە، دەبێتە خاوەند دەسەڵاتی سیاسیش و لەم ڕێگەیەوە هۆگەلی نوێ، بۆ سەرکوت و وەبەرهێنانی چینی ستەمکێش بەدەست ئەهێنێ ... ". بە تەنها دەوڵەتی ڕۆژگاری کۆن و دەورانی فیۆدالی، ئۆرگانی چەسانەوەی کۆیلە و سێرف(کۆیلەی زەوی، قن، Serf)کان نەبووە، بەڵکوو "دەوڵەتە هەڵبژێرراوەکەی هەنووکەش،

دەزگای وەبەرهێنانی کاری کرێگرتەیە لە لایەن سەرمایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، وەک حاڵەتێکی لە ڕێسا بەدەر، دەورەگەلێک هاتووەتە پێش، کە تیایدا چینە زۆرانبازەکان، بە پلەیەک لە هاوسەنگی هێز گەییشتوون کە، دەسەڵاتی فەرمانڕەوای دەوڵەتیی بۆ ماوەیەکی کاتیی، لە هەمبەر ئەو دوو چینە، جۆرێک لە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێ و بە ڕووکەش وەکوو ناوبژیکەریان خۆی ئەنواند. ..." فەرمانڕەوایەتی ڕەهای پاشایەتی لە سەدەکانی هەڤدە و هەژدە و بۆناپارتیزمی ئیمپراتۆرییەتی یەکەم و دووەم لە فەرەنسا و بیسمارک لە ئەڵمانیا، لەم بابەتە بوو.

ئێمەش لای خۆمانەوە شتێکی بۆ زیاد ئەکەین: ئەوەی کە حکومەتی کیرنسکی لە ڕوسیای کۆماری، دەستی دایە ڕاوەدوونانی پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، لە ساتەوەختێکدا کە شوراکان ئیدی بەهۆی ڕابەرایەتی دیموکراتە وردەبۆرژواکانەوە لە پەلوپۆ کەوتبوون و بۆرژوازیش هێشتا بەو ئەندازەیە بەهێز نەبوو، تا بکارێت بە ئاشکرا هەڵیان وەشێنێتەوە، هەر لەم بابەتە بوو.

ئەنگڵس ئاوەها درێژەی پێ ئەدات: لە کۆماری دیموکراتیدا، "سامان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، بەڵام بە دڵنیاییەوە، لە توانستی خۆی کەڵک وەردەگرێت": یەکەم، لە ڕێگەی "بەرتیلدانی بە ئاشکرای کارمەندانەوە" (ئەمریکا)، دوهەم، لە ڕێگەی "گرێبەستی نێوان دەوڵەت و بۆرسەوە" (فەرەنسا و ئەمریکا).

لە ئێستادا، ئیمپریالیزم و دەسەڵاتداریتی بانکەکان، ئەم دوو ڕێگەیەیان لە داکۆکیکردن لە توانایی ڕەهای سامان و پراکتیزەبوونی ئەو تواناییە لە هەر جۆرە کۆمارێکی دیموکراتیدا، تا ڕادەی هونەرێکی لە ڕادەبەدەر "پەرە پێ داوە". بۆ نموونە، کاتێک کە کۆماری دیموکراتی لە ڕوسیادا و ڕێک لە چەند مانگی یەکەمیدا، کە دەکرێ ناوی لێ بنێین، مانگی هەنگوینی هاوسەرێتی نێوان "سۆسیالیستەکان"، سۆسیال_ شۆڕشگێڕەکان و مۆنشەڤیکەکان لەگەڵ بۆرژوازیدا، کاک پالچینسکی لە



حکومەتی ئیئتیلافیدا، ڕێگری بەردەم گشت ئەو نەخشانە بوو کە، سەرکێشییەکانی سەرمایەدارانی لغاو ئەکرد و بەری بەو تاڵانوبڕۆیە ئەگرت کە لە ڕێگەی داخوازییە سەربازییەکانیانەوە لە خەزێنەی دەوڵەتیان ئەکرد، کاتێکیش کە، کاک پالچینسکی لە وەزارەت وازی هێنا (هەڵبەتە پاڵچینسکییەکی دیکەی لە بابەت خۆی جێی گرتەوە)، لە لایەن سەرمایەدارانەوە بەوە "پاداشت" کرا کە، پلەوپایەیەکی پێ بدرێ، بە موچەی 120 هەزار ڕۆبڵ لە ساڵێکدا- ئەمە مانای چییە؟ ئایا ئەمە بەرتیلی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆیە؟ ئایا ئەمە گرێبەستی نێوان دەوڵەت و سەندیکاچییەکانە، یان "تەنها" پەیوەندییەکی دۆستانەیە و "هیچی تر"؟ ئایا چیرنۆفەکان و تسیریتیلییەکان و ئاوکسنتییفەکان و سکۆبیلیفەکان و هاوبابەتەکانیان چ ڕۆڵێک دەگێڕن؟ ئایا ئەوانە هاوپەیمانانی "ڕاستەوخۆ"ی ملیۆنێرانی خەزێنەدزن، یان بە تەنها هاوپەیمانانی ڕاستەوخۆن و بەس؟

دەسەڵات و توانستی "سامان" یش دیسانەوە، لە سایەی کۆماری دیموکراتیدا، زامنترە، چونکە خۆی لەسەر ئەم کەموکوڕی یان ئەوی دیکە لە میکانیزمی سیاسی و هەر بەرگێکی سیاسی ناشیرینی سەرمایەداری نەگرتووە، کۆماری دیموکراتی چاکترین بەرگی سیاسیی مومکینە بۆ سەرمایەداری، هەر بۆیە سەرمایە، پاش وەدەستهێنانی ئەم باشترین بەرگە (لە ڕێگەی پالچینسکییەکان، چیرنۆفەکان، تسیریتیلییەکان و کەسانێک کە لە دەوریان ئاڵاوون)، دەسەڵاتی خۆی لەسەر بنەمایەکی وا قایم و پتەو دائەمەزرێنێ، کە هیچ جۆرە ئاڵوگۆڕێک لە کەسەکان، لە دامودەزگاکان و لە حیزبەکان، لە کۆماری دیموکراتی بۆرژوازیدا، نای لەقێنێ.

هەروەها ئەوەش شایانی گوتنە کە، ئەنگڵس زۆر بە ڕاشکاوانە، باسی مافی هەڵبژاردنی گشتی، وەک هۆیەک بۆ باڵاستی بۆرژوازی، کردووە.

ئەنگڵس بە ڕۆشنی، ئەزموونی دوور و درێژی سۆسیال دیموکراسی ئەڵمانیا لەبەرچاودەگرێ و دەڵێت، مافی هەڵبژاردنی گشتی:

"نیشانەی کامڵی چینی کرێکارە. لە دەوڵەتی هەنووکەییدا لەوە زیاتر، لە تواناادا نییە و هیچ کاتێکیش لە توانادا نابێت".

دیموکراتگەلی وردەبۆرژوا، لە چەشنی سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان و مۆنشەڤیکەکانی وڵاتەکەمان و هەروەها لە چەشنی براکانیان واتە، تەواوی سۆسیالیستە شۆڤێنیستەکان و ئۆپۆرتیۆنیستەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا، چاوەڕوانییان لە مافی هەڵبژاردنی گشتی، ڕێک لەمە "زیاتر" بوو. ئەوانە بۆخۆیان بڕوایان بە بیرۆکەیەکی نادروست هێناوە و گەرەکیانە خەڵکیش بەوە دەرس دابدەن، پوختەی ئەو بیرۆکەیەش ئەوەیە کە، مافی دەنگدانی گشتی "لە دەوڵەتی هەنوکەییدا"، دەتوانێت ئیرادەی زۆربەی زەحمەتکێشان دەربخات و جێبەجێبوونی دەستەبەر بکات.

لێرەدا، ئێمە ئەتوانین تەنها ئاماژە بەو بیرۆکە نادروستە بکەین و ئەوە بخەینەوە یاد کە، چۆن حیزبە سۆسیالیستە "فەرمی"یەکان (واتە ئۆپۆرتیۆنیستەکان)، لە گشت ساتە وەختێدا، لە تەبلیغ و تەرویجیاندا، ڕاگەیاندنە زۆر ڕۆشن و ورد و کۆنکرێتەکانی ئەنگڵس دەشێوێنن. ئێمە پاشتر، کاتێک کە تێڕوانینی مارکس و ئەنگڵسمان لە مەڕ دەوڵەتی "هەنوکەیی" خستە ڕوو، ئەو دەمە ئیتر بە دوور و درێژی، ڕادەی پوچی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەنگڵس لێرەدا ئەی خاتە لاوە، دەرئەکەوێت.

ئەنگڵس لە ناودارترین دانراوەی خۆیدا، ئەم ئەنجامگیرییە گشتییە لە تێڕوانینەکانی هەڵئەهێنجێنێ:

"بەو جۆرە، دەوڵەت لە ئەزەلەوە نەبووە. کۆمەڵگەلێک هەبوونە، بەبێ دەوڵەت کاری خۆیان بردۆتە پێش و هیچ وێنایەکیان سەبارەت بە دەوڵەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی نەبووە. کاتێک گەشەی ئابوری بە قۆناغێکی دیاریکراو گەییشت، کە بە ناچاری بە دابەشبوونی کۆمەڵ بۆ



چینەکان گرێی خواردبوو، بەم هۆیەوە ئیدی، بوونی دەوڵەت بووە پێویستییەک. ئێمە هەنوکە بە هەنگاوی خێرا لەو قۆناغە لە پەرەسەندنی بەرهەم نزیک ئەبینەوە، کە لەودا هەبوونی ئەم چینانە نەک هەر پێویست ناکات، بەڵکە ئەبێتە کۆسپێکی ڕاستەوخۆی بەردەم بەرهەمهێنان. چینەکان بە ناچاری دەپوکێنەوە، هەروەکوو چۆن لە ڕابوردوودا بە ناچاری پەیدا بوون. بە پوکانەوەی چینەکان، دەوڵەتیش بە ناچاری دەپوکێتەوە. ئەو کۆمەڵگایەی کە بەرهەم لەسەر بنەمای بەشداریی ئازادانە و یەکسانی بەرهەمهێنەران، بە شێوەیەکی تازە ڕێک دەخات، تەواوی دەزگای دەوڵەتی، بۆ جێیەک ڕەوان دەکات، کە لەو دەمەدا، ئەوێ جێگەی واقیعی خۆیەتی: بۆ مۆزەخانەی پاشماوە کۆنەکان، لە تەنیشت تەشی و تەوری برۆنزیدا".

لە بڵاوکراوە تەبلیغی و تەرویجییەکانی سۆسیال دیموکراسی هاوچەرخدا، مرۆڤ بە دەگمەن چاوی بەم پەرەگرافە دەکەوێ. بەڵام ئەو کاتەی کەوا ڕێککەوتیش ئەم پەرەگرافە بهێننەوە، ئەوا بە زۆری بە جۆرێک ئەی هێننەوە، وەک ئەوەی کڕنوش بۆ پەیکەرێک ببەن، واتە، بۆ نیشاندانی ڕێزی ڕوکەشییانەی خۆیان بۆ ئەنگڵس، بەڵام بەبێ ئەوەی تۆزقاڵێک زەحمەتی قوڵبوونەوە بە خۆیان بدەن کە بزانن بەم "ڕەوانەکردنی تەواوی دەزگای دەوڵەتی بۆ مۆزەخانەی پاشماوە کۆنەکان"، چوارچێوەی ئەو شۆڕشەی لەبەرچاوگیراوە چەندە فراوان و قوڵە. بەڵکوو زۆر جار تەنانەت، درکی ئەوە ناکەن کە ئەنگڵس چ چتێکی ناو ناوە، دەزگای دەوڵەتی.

## 4_ "پوکانەوەی" دەوڵەت و شۆڕشی توندوتیژ

قسەکانی ئەنگڵس لە مەڕ "پوکانەوە"ی دەوڵەت بە ڕادەیەک ناوبانگیان ڕۆیشتووە، بە ڕادەیەک قامکیان بۆ درێژ دەکرێت و بە ڕادەیەک

ماهییەتی شێوێنکارییانەی ئاسایی مارکسیزم و سازاندنیان لە تەک ئۆپۆرتیۆنیزمدا بە ڕۆشنی ئەخاتە ڕوو، کە پێویست بکات بە درێژی بچینە سەریان. با لێرەدا، تەواوی ئەو پەرەگرافەی کە ئەم باسەی لێ دەرکێشراوە بهێنینەوە:

"پرۆلیتاریا دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دەست دەگرێت و پێش هەر شتێک، هۆیەکانی بەرهەمهێنان ئەکاتە موڵکی دەوڵەت. بەڵام ئەو بەم کارەی، خۆیشی بە ناونیشانی پرۆلیتاریا لە نێو دەبات، سەرباری ئەوە، گشت جیاوازییەکی چینایەتی و هەر جۆرە دژکارییەکی چینایەتی و لە هەمان کاتدا خودی دەوڵەت، بە ناونیشانی دەوڵەت، لە نێو دەبات. بۆ کۆمەڵگایەک کە تا هەنوکە هەبووە و ئێستاش هەیە، کۆمەڵگایەک کە لە نێو ڕەوتی دژکارییە چینایەتییەکاندا هەنگاو دەنێ، پێویستی بە دەوڵەت هەیە، واتە، ڕێکخراوی چینی وەبەرهێنەر، بۆ پارێزگاریکردن لە هەلومەرجە دەرەکییەکانی ئەم چینە، لە بواری بەرهەمهێناندا، بە وتنێکی تر، بە شێوەیەکی تایبەت بۆ هێشتنەوەی بە تۆپزی چینی وەبەرهێنەر لەو بارودۆخە سەرکوتگەرانەیەدا، کە بەرئەنجامی ئەو شێوازەیە لە بەرهەمهێنان کە لە ئارادایە (کۆیلایەتی، سێرفایەتی، کاری کرێگرتە). دەوڵەت نوێنەری فەرمی تەواوی کۆمەڵگایە و لە جەستەیەکی بینراودا چڕبۆتەوە، وەلێ مەسەلەکە بەو جۆرە نییە، مەگەر بەو ڕادەیەی کە دەوڵەتی ئەو چینە بێت، کە لە سەردەمی خۆیدا، بە تەنها نوێنەرایەتی سەرجەم کۆمەڵگای کردبێت: لە سەردەمی کۆن، دەوڵەتی کۆیلەداران، یان کەسانی ئازادی کۆمەڵ، لە چاخەکانی نێوەڕاستدا، دەوڵەتی خانەدانە دەرەبەگەکان، لەم سەردەمەشدا، دەوڵەتی بۆرژوازی. بەڵام ئەو دەمەی کە سەرئەنجام دەوڵەت بە واقیعی دەبێتە نوێنەری گشت کۆمەڵگا، ئەوا ئیدی هەر خۆی، پێویستی بوونی خۆی لە نێو دەبات. ئەو کاتەی کە ئیدی هیچ چینێکی کۆمەڵایەتی لە گۆڕێدا نەماوەتەوە تا پێویست بە سەرکوت بکات، ئەو کاتەی کە شانبەشانی پوکانەوەی



باڵادەستی چینایەتی و ململانێ لە پێناوی مانەوەی فەردیدا_ ئەو ململانێیەی کە لە پەشێوی(فوضی) هەنوکەیی بەرهەمهێنانەوە سەرچاوەی گرتووە_ ئەو پێکدادان و پەرگیرکارییەی کە بەرئەنجامی ئەو ململانێیەیە، بپوکێتەوە، ئیتر نە چتێک ئەمێنێتەوە تا سەرکوت بکرێت، نە پێوستی هێزێکی تایبەتی بۆ سەرکوتکردن واتە، دەوڵەت، لە ئارادا ئەمێنێ. یەکەمین کارێک کە دەوڵەت بە واقیعی بە ناونیشانی نوێنەری تێکڕای کۆمەڵ تیایدا خۆی دەرئەخات_ خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنانە بە ناوی خەڵکەوە_ لە هەمان کاتدا، ئەوە دواهەمین کارێکی ئەوە کە، بە ناونیشانی دەوڵەت، پێی هەڵئەستێت. لەو کاتەوە ئیتر، دەخاڵەتی دەسەڵاتی دەوڵەتی لە کاروبارە جۆراوجۆرەکانی پەیوەندگەلی کۆمەڵایەتی یەک لە دوای یەک، ئەبێتە کارێکی زیادە و خۆی بۆ خۆی خەو دەیباتەوە. لە بری فەرمانڕەواییکردن بەسەر خەڵکەوە، ڕێنوێنیکردنی کاروبار و بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان دێتە کایەوە. دەوڵەت "هەڵناوەشێنرێتەوە"، بەڵکە دەپوکێتەوە. لەسەر ئەم بنەمایە، پێویستە دەستەواژەی "دەوڵەتی ئازادی خەڵک"، کە سەردەمانێک بۆ پڕوپاگەندەکردن مافی ژیانی هەبوو، بەڵام لە ڕوانگەی زانستییەوە بێناوەڕۆک بوو، هەڵبسەنگێنین. هەروەها لەسەر ئەم بنەمایە، پێویستە خواستی ئەوانەی کە پێیان دەگوترێت ئانارشیستەکان، کە هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا، هەڵبسەنگێنین" ("ئانتی دوهرینگ"، "ئاوەژوکردنی زانست لە لایەن بەڕێز ئۆژین دوهرینگەوە"، ل 301- 303، چاپی سێهەمی ئەڵمانی).

بەبێ ئەوەی ترسمان لەوە هەبێ توشی هەڵە بین، دەکارێت بڵێین کە، لەو باسەی ئەنگڵس کە بیرۆکەی یەکجار پڕ بەهای تێدایە، تەنها شتێکی کە لە لای پارتە سۆسیالیستەکانی ئەمڕۆ مابێتەوە و ئەوان لە بیروباوەڕی سۆسیالیستییەوە وەریان گرتبێت، ئەوەیە کە، دەوڵەت بە

گوێرەی دیدی مارکس_ بە پێچەوانەی تیۆری ئانارشیستەکان کە دەڵێت، دەوڵەت "هەڵدەوەشێتەوە"_ "دەپوکێتەوە". قرتاندنی مارکسیزم بەو شێوەیە، یانی، هێنانە خوارەوەی بۆ ئاستی ئۆپۆرتیۆنیزم، بۆیە لە پاش ئەم "لێکدانەوە"یە، ئەوەی دەمێنێتەوە، وێنایەکی نارۆشنە دەربارەی ئاڵوگۆڕی لەسەرخۆ و هاوسەنگ و پلە بە پلە، دەربارەی نەبوونی باز و باهۆز، دەربارەی نەبونی شۆڕش. چەمکی "پوکانەوە"ی دەوڵەت بە مانا باو و بڵاوەکەی، بێگومان یانی، کوێرکردنەوەی شۆڕش، ئەگەر ڕەتکردنەوەی نەبێت.

بەڵام ئەم "لێکدانەوە"یە، شێواندنێکی زۆر بێئابڕووانەی مارکسیزمە و تەنها بۆرژوازی لێی سودمەندە، لە باری تیۆریشەوە، فەرامۆشکردنی گرنگترین خاڵ و تێبینیگەلێکن کە، تەنانەت لە هەمان ئەو ئەنجامگیرییە "پوختەکراو"انەی ئەنگڵس کە لە سەرەوە بە تەواوی هێنامنەوە دەرئەکەوێ.

یەکەم. ڕێک لە دەسپێکی ئەم باسەدا، ئەنگڵس دەڵێت، کاتێک کە پرۆلیتاریا دەسەڵاتی دەوڵەتی لە دەست دەگرێت، "بەم کارەی، دەوڵەت، بە ناونیشانی دەوڵەت، لە نێو دەبات". بەڵام بیرکردنەوە لە مانای ئەم گوفتارە "باو نییە". بە شێوەیەکی گشتی، ئەم مەسەلەیە یان بە تەواوەتی فەرامۆش ئەکرێت، یان بە شتێکی لە بابەت، لاوازی هیگڵی" لە لای ئەنگڵس، بە حسێب دێت. لە ڕاستیدا، لەم قسانەی ئەنگڵسدا، ئەزمونی یەکێک لە گەورەترین شۆڕشە پرۆلیتێرییەکان واتە، ئەزمونی کۆمۆنەی پاریس لە ساڵی 1871دا، کە لە جێی خۆیدا بە درێژی دەچینە سەر باسی، بە شێوەیەکی کورت خراوەتە ڕوو. لە ڕاستیدا، ئەنگڵس لێرانەدا باسی "لەنێوبردن"ی دەوڵەتی بۆرژوایی بە دەستی شۆڕشی پرۆلیتاری ئەکات، بەڵام هەرچی باسی پوکانەوەیە، ئەوە بە پاشماوەی دەوڵەتی پرۆلیتێرییەوە پەیوەستە، لە پاش شۆڕشی سۆسیالیستی. بە بۆچونی ئەنگڵس، دەوڵەتی بۆرژوازی "ناپوکێتەوە"،



بەڵکوو پرۆلیتاریا لە میانەی شۆڕشەوە "لەنێوی دەبات". لە پاش ئەم شۆڕشە، دەوڵەتی پرۆلیتاریا، یان نیمچە دەوڵەت، دەپوکێتەوە.

دووەم. دەوڵەت "هێزێکی تایبەتیی سەرکوتکردن"ە. ئەم پێناسە زۆر جوان و لە ڕادەبەدەر قوڵەی ئەنگڵس لێرەدا، بە ڕۆشنییەکی ئێجگار زۆرەوە خراوەتە ڕوو. بەڵام لەم پێناسەیەوە، بەو ئەنجامگیرییە دەگەین کە، پێویستە "هێزی تایبەتیی سەرکوتکردن"ی پرۆلیتاریا لە لایەن بۆرژوازییەوە، سەرکوتکردنی ملیۆنەها کەس لە ڕەنجدەران لە لایەن مشتێک لە دەوڵەمەندانەوە، بە "هێزی تایبەتیی سەرکوتکردن"ی بۆرژوازی لە لایەن پرۆلیتاریاوە (واتە: دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا) بگۆڕدرێت. مانای "لەنێوبردنی دەوڵەت بە ناونیشانی دەوڵەت"یش ئالێرەدایە. مانای "هەنگاوهەڵهێنانەوە" بەرەو خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان بە ناوی کۆمەڵگاوە ئالێرەدایە. دیارە ئاڵوگۆڕێکی لەو چەشنە کە "هێزێکی تایبەت" (بۆرژوازی)، بە "هێزێکی تایبەت"ی دیکە (پرۆلیتاریا) بگۆڕدرێت، شتێکی بەڵگەنەویستە کە بە هیچ جۆرێک، بە شێوەی "پوکانەوە" بە ئەنجام ناگات.

سێیەم. کاتێک کە ئەنگڵس باسی "پوکانەوە"، یان تەنانەت باسی "<u>خەولێکەوتن</u>" کە یەکەمیان بەرجەستەتر و جوانترە، ئەکات، زۆر بە ڕۆشنی و ڕاشکاوانە، مەبەستی قۆناغی پاش "خاوەندارێتی هۆیەکانی بەرهەمهێنان لە لایەن دەوڵەتەوە، بە ناوی سەرجەم کۆمەڵ"ەوەیە، واتە، قۆناغی پاش شۆڕشی سۆسیالیستی. ئێمە هەمومان دەزانین کە شێوازی سیاسی "دەوڵەت" لەم قۆناغەدا، کامڵترین دیموکراسییە. وەلێ بە هزری هیچ کام لەو ئۆپۆرتیۆنیستانەی کە بێ شەرمانە مارکسیزم دەشێوێنن، ئەوە گوزەر ناکات کە، لەسەر ئەم بنەمایە، مەبەستی ئەنگڵس، "خەولێکەوتن" و "پوکانەوە"ی دیموکراسی_یە. ئەم مەسەلەیە لە سەرەتادا، ئێجگار نامۆ دێتەبەرچاو. بەڵام ئەمە تەنها بۆ کەسانێک "نارۆشنە"، قووڵ نەبووبێتنەوە لەوەی کە، دیموکراسیش دەوڵەتە، بەم

پێیە، کاتێک کە دەوڵەت دەپوکێتەوە، دیموکراتیش دەپوکێتەوە. دەوڵەتی بۆرژوازی، تەنها شۆڕش دەتوانێت "لەنێوی بەرێت". دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی واتە، کامڵترین دیموکراسی، تەنها دەتوانێت "بپوکێتەوە".

چوارەم. ئەنگڵس، پاش ئەوەی تێزە بەناوبانگەکەی دارڕشت، کە دەڵێت: "دەوڵەت دەپوکێتەوە"، لە هەمان جێگا و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و کۆنکرێت ڕوونی دەکاتەوە کە، ئەم تێزە لە یەک کاتدا دژی ئۆپۆرتیۆنیستەکان و ئانارشیستەکانە. هەروەها ئەنگڵس، ئەو ئەنجامگیرییەی کە لە تێزی "پوکانەوەی دەولەت"ەوە بەدەستهاتووە، بە پلەی یەکەم لە بەرامبەر ئۆپۆرتیۆنیستەکان دای ناوە.

مرۆڤ دەتوانێت ئەو گرەوە بکات کە، لە هەر 10000 کەسێک کە دەربارەی "پوکانەوە"ی دەوڵەت شتگەلێکیان خوێندۆتەوە یان بیستووە، 9990 کەسیان بە هیچ کلۆجێک ئەوە نازانن یان بە بیریاندا نەهاتووە کە، ئەنگڵس ئەو ئەنجامگیرییانەی لەو تێزەوە بەرهەم هاتووە، بە تەنها ئاراستەی ئۆپۆرتیۆنیستەکانی نەکردووە، هەروەها نۆ کەس لەو دە کەسەی تریش کە ماونەتەوە، بە ئەگەری زۆرەوە، ئەوە نازانن کە، "دەوڵەتی ئازادی گەلی" یانی چی و هێرشکردن بۆسەر ئەم درووشمە، بۆچی هێرشە بۆسەر ئۆپۆرتیۆنیستەکان. مێژوو بەم جۆرە دەنووسرێتەوە! ئا بەو جۆرە و بە شێوەیەکی هەست پێ نەکراو، فێرکارییە مەزنە شۆڕشگێڕییەکان بە گوێرەی ئەو تەسکبینییەی کە باڵادەستە، دەگۆڕدرێن. ئەنجامگیرییەک کە لە دژی ئانارشیستەکانە، هەزاران جار دووپات کراوەتەوە، سوک کراوە و بە شێوەیەکی زۆر ڕەمەکییانە ئاخنراوەتە نێو کەلەسەرەکان و بە خورافە جێگیر کراوە. هەرچی ئەو ئەنجامگیرییەی لە دژی ئۆپۆرتیۆنیستەکانە، پەردەپۆش و "فەرامۆشیان کردووە"!



"دەوڵەتی ئازادی گەلی" یەکێک لە داخوازییەکانی نێو بەرنامەی سۆسیال دیموکراتەکانی ئاڵمان لە حەفتاکان و یەکێک لە دروشمە بڵاوەکان بووە. لەم دروشمەدا، بێجگە لە ستاییشی پڕ تەنتەنەی وردەبۆرژوازی بۆ چەمکی دیموکراتی، هیچ جۆرە ناوەڕۆکێکی سیاسی تێدا نییە. لەبەرئەوەی لەم درووشمەدا، بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژە بە کۆماری دیموکراتیک ئەکەن، ئەنگڵس ئامادە بوو "هەندێک کات" لە ڕوانگەی پڕوپاگەندەکارییەوە، "پاکانەی بۆ بکات". بەڵام ئەم دروشمە ئۆپۆرتیۆنیستی بوو، چونکە نەک هەر بە تەنها دیموکراسی بۆرژوازی ئاراییشت دەکات، بەڵکوو لەگەڵ ئەوەشدا گوزارشت لە، درکنەکردن بە ڕەخنەی سۆسیالیستی لە هەر دەوڵەتێک بە گشتی، ئەکات. ئێمە لایەنگری لە کۆماری دیموکراتی ئەکەین، چونکە لە دەورانی سەرمایەداریدا، ئەم کۆمارە چاکترین جۆری دەوڵەتە، بەڵام ئێمە بۆمان نییە ئەو خاڵە فەرامۆش بکەین کە، تەنانەت لە دیموکراتیترین کۆماری بۆرژوازیشدا، بەشی خەڵکی هەر کۆیلایەتی کاری بە کرێیە. هەروەها گشت دەوڵەتێک، "هێزێکی تایبەتییە بۆ سەرکوت"ی چینی ستەمکێش. لەبەرئەوە، هیچ دەوڵەتێک نە ئازادە و نە گەلییە. مارکس و ئەنگڵس گەلێک جار ئەم بابەتەیان لە ساڵانی حەفتاکاندا، بۆ هاوڕێیانی حیزبی خۆیان ڕاڤە کردووە (7).

پێنجەم. هەمان ئەو دانراوەی ئەنگڵس، کە هەموان لێیەوە بەڵگەی پوکانەوەی دەوڵەت دەهێننەوە، بەڵگەی بایەخی شۆڕشی توند و تیژی لە خۆ گرتووە. لێرەدا هەڵسەنگاندنی مێژوویی ئەنگڵس سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم شۆڕشە، دەبێتە ستاییشنامەیەکی واقیعی بۆ شۆڕشی توند و تیژ. ئەم مەسەلەیە، "هیچ کەسک باسی ناکات". ئاخاوتن دەربارەی گرنگی ئەم بیرۆکەیە، یان تەنانەت بیرکردنەوەش لێی، لە لای حیزبە سۆسیالیستەکانی ئەمڕۆکە، نەبۆتە شتێکی باو و لە تەبلیغ و تەرویجی هەمووڕۆژەی نێو جەماوەردا، ئەم بیرۆکانە هیچ ڕۆڵێکیان نییە. لە

حاڵێکدا ئەم بیرۆکانە پەیوەندییەکی لەپساننەهاتوویان لەگەڵ بابەتی "پوکانەوە"دا هەیە و پێکەوە گشتێکی(کل) هاوسەنگ پێک دەهێنن.

ئا ئەمەش ئەو وتەیەی ئەنگڵسە:

"... سەبارەت بەوە کە، توندوتیژی لە مێژوودا ڕۆڵێکی دیکەش دەبینێت" (سەرباری ئەوەی فاکتەری شەڕەنگێزییە) "ڕێک ڕۆڵی شۆڕشگێڕانەیە، توندوتیژی، بەپێی گوتەی مارکس، مامانی هەر کۆمەڵگایەی کۆنە کە، بە کۆمەڵی نویَ ئاووسە (8)، توندوتیژی ئەو ئامرازەیە کە بزاوتی کۆمەڵایەتی بەهۆیەوە ڕێگای بەردەم خۆی پیَ تەخت ئەکات و شێوەگەلی سیاسی بەبەردبوو و مردارەوەبووی پیَ تێکدەشکێنێت_ دەربارەی هیچ کامێک لەوانە، جەنابی دۆهرینگ ورتەی لێوە نایات. تەنها ئەوە نەبێت لەگەڵ ئاە و ناڵەدا، ئەگەری ئەوە دائەنێت کە، بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی وەبەرهێنەران، ڕەنگە توندوتیژی گەرەک بێت_ بە ڕاستی جێگەی داخە! چونکە هەر بەکاربردنێکی توندوتیژی هەروەکوو ئەو دەیگوت، دەبێتە هۆی تێکدانی ڕەوشتی ئەو کەسانەی کە پەنای بۆ دەبەن. سەرباری ئەوەی کە دەزانین چ بوژانەوەیەکی ئەخلاقی و فکری لە گەڵ هەر شۆڕشێکدا دێتەکایەوە، ئەو قسەیە دەگوترێت! ئەو قسەیە لە ئەڵمانیا دەکرێت کە، ئەو پێکدادانە توندوتیژە، پێکدادانێک کە بە هەر حاڵ دەشێت بەسەر خەڵکیدا بسەپێنرێت، لانی کەم ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە، ئەو ڕۆحی ملکەچییەی کە لە ئاکامی جەنگی سی ساڵەدا (9)، داچۆڕاوەتە نێو هۆشی خەڵکییەوە، ڕیشەکێش بکات. ئەو دەمە، ئەم جۆرە بیرکردنەوە لیڵ، چروساوە و بێدەسەڵاتە، زاتی ئەوە دەکات کە خۆی بەسەر شۆڕشگێڕترین حیزبێکدا، کە مێژوو لە وێنەی ئەوی نەدیتووە، بسەپێنیَ؟" (ل 193، چاپی سێیەمی ئەڵمانی، کۆتایی بەشی چوارەمی بەرگی دووەم).



## سەرچاوە

**الدولة والثورة**

تعاليم الماركسية حول الدولة، ومهمات البروليتاريا في الثورة

**لينين**

ترجمة: الياس شاهين

دار التقدم/ موسكو

❊

**دولت و انقلاب**

آموزش مارکسیسم درباره دولت و وظائف پرولیتاریا در انقلاب

**لنین**

از: آثار منتخب لنین

در یک جلد

تجدید چاپ سال 1353_ 1974

از انتشارات سازمان انقلابی حزب توده ایران در خارج کشور

تکثیر از: حجت برزگر

www.marxists.org/farsi/archive/lenin/works/1917

## تێبینی:

**خوێنەری ئازیز!**

**ئەم نووسراوەیە، بەشی یەکەمی کتێبی "دەوڵەت و شۆڕش"ی "لێنین"ە، لەبەر گرنگی ئەم باسە بۆ بار و دۆخی ئێستای بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وام بە پێویست زانی، کە بۆ زمانی کوردی وەریبگێڕم. ئەم بەشە لە شەش مانگ بەر لە ئێستاوە تەواو بووە، بەڵام بەهۆی وەرگێڕانی دوو باسی هاوڕێ "مەنسور حیکمەت" و پاشان پیاچوونەوەی کتێبێکی دی، بۆم نەلوا درێژەی پێ بدەم. جا لەبەرئەوەی بۆم ڕۆشن نییە، کەی بوار ئەبێ، دووبارە تێهەڵچمەوە، بە باشم زانی، ئەم بەشەی کە ئامادەیە لەوە زیاتر دوانەخەم و بیخەمە بەر دیدی بەڕیزتان، هیوادارم سودبەخش بێت.**

سالار ڕەشید

2006 .06 .30